

# بیبلۆگرافیای ژیانی د. رۆزا لۆکسمبۆرگ

–(٥) ئازاری ساڵی (١٨٧١) لەشارۆچکەی (لوبلین –بلۆنی)ی سەر بەبەشی (زاموسك) لەخێزانێکی یەهودی لەپۆڵندا لەدایکبووە و چوار خوشك و برایەکی هەبووەو رۆزا بچوکترینیان بووە.

–(١٨٧٣)خێزانەکەیان کۆچی کرد بۆ وارشۆ و رۆزا نەخۆش دەکەوێت.

–(١٨٧٤)داخلی نەخۆشخانەی وارشۆ دەکرێت

–(١٨٨٧) بوو بەئەندامی یەکێك لەحزبە شۆڕشگێڕەکانی لهوستان.

–ساڵی (١٨٨٩) پاش داواکردنی لەلایەن پۆلیسەوە، لەپۆڵنداوە کۆچیکرد بۆ روسیا، بۆئەوەی پەیوەندی بەشۆڕشگێڕە ئاوارە روسیەکان بکات لەزوریخ بەسەرۆکایەتی بلیخانوف.

–(١٨٩٠) چووە زانکۆی زویرخ لەبەشی (بیرکاری و زانستی سروشتی)

–(١٨٩٢) دەستیدایە هاوکاری حزبی سۆسیالیستی لوهستان و زۆر چالاك بووە لەم کارەیدا

–(١٨٩٣) دەستی بەهاوکاری رۆژنامە کرو بوویە نوێنەری حزب لەکۆنگرەی نەتەوە سۆسیالستەکان

–(١٨٩٤) ناوی حزبی گۆڕی و کردیان بەحزبی سۆسیالیستی دیموکراسی شانشینی پۆلیڤیا و دواتریش لیتوانی خراپە پاڵی و رۆزا بوویە دامەزرێنەری حزبی (حزبی سۆسیالیستی دیموکراسی پۆلیڤیا و لیتوانیا، تاوەکو کۆتایی ژیانی، هەروەها پاش دوو ساڵ بوو بە یەکێك

لەدامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی پۆڵۆنی، دەبێتە سەرنوسەری ڕۆژنامەی (سبرافا رابوتنتسا)ی حزبی، کەلەپاریس دەردەچوو.

–چوە ئەڵمانیا و هاوسەرگیری لەگەڵ کرێکارێکی ئەڵمانیدا کردوە، بەهۆیەوە رەگەزنامەی ئەڵمانی وەرگرتوە، بەمەش دەرفەتی بۆ رەخساوە کەبەشداری گەورەترین حزبی دیموکراسیی سۆسیالیستی لەئەوروپادا بکات.

–(١٨٩٧) دوای تەواوکردنی خوێندنی لەبارەی (گەشەی پیشەسازی لەلوهستان) چاپ وبڵاوکردەوە.

–(١٨٩٨) بروانامەی دکتۆرای وەرگرت، تێزەکەی بەناوی (گەشەی پیشەسازی لەپۆڵند) دابوو. بوو بەئەندامی حزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمان، بوو بەسەرنوسەری رۆژنامەکەی، ژمارەیەك وتاری خۆی بڵاوکردەوە.

–(١٨٩٩) لەگەڵ حزبی سۆسیال دیموکراتی لیتوانی حزبێکی نوێی راگەیاند و دەسەلاتێکی زۆری هەبوو لەم حزبەدا.

–(١٨٩٩–١٩٠٤) بەشداری کۆنگرەی ساڵانەی حزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیای کردوە.

–ساڵانی (١٩٠٣–١٩٠٤) لەگەڵ لینین کەوتنە مشتومرێکی توندەوە لەبارەی مەسەلەی نەتەوە و چەمکی بونیادنانی حزب و پەیوەندی حزبەکان و چالاکی جەماوەری، دژی تێورەکەی لینین بووە لەبارەی ئەوەی حزبی شیوعی ئەداتی پرۆلیتاریای رەهایە بۆ هێنانەدی دیکتاتۆری پرۆلیتاری، لەسەر ئەو بنەمایەی کەئەمە دیموکراسی خراپ دەکات، هەروەها دژی ئەو روانینەی لینین بوو لەبارەی مافی نەتەوەکان و بریاردان لەسەر چارەنوسیان.

–(١٩٠٤) حوکمی سێ مانگ زیندانی بەسەردا درا، بەهۆی ئیهانەکردنی ئیمپراتۆرەوە، بەڵام تەنها یەك مانگی بەسەربرد.

–(١٩٠٥) چووە وارشۆ و پشتیوانی لەشۆڕشگێرانکرد لەشۆڕشی روسیادا.

–لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی روسی کۆمەڵێك وتار و کوراسەی بۆ حزبی پۆڵندی نوسی و تێدا چەمکی شۆڕشی بەردەوامی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەترۆتسکی و بارفوس فراوانتر دەکرد، پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی روسی گەڕایەوە (وارشۆ) بۆ بەشداریکردن و بەهۆی ئەمەشەوە ماوەی ساڵێك گیراوە.

–(١٩٠٦) لەوارشۆ گیراو پاش چەند مانگێك، ئازاد کرا، تیۆری (مانگرتنی گشتی) راگەیاند و بەشۆڕشێکی گرنگ و پرۆلیتاری دادەنرێت.

–(١٩٠٦/٣/٤) رۆزا گیرا و سزای چوار مانگ بەندکردنی بەسەردا درا، بەشی یەکەمی لەبەندیخانە و بەشی دووەمی لەقەلای پۆڵاین بەسەربرد،دوای ئازادکردنی رەگەزنامەی ئەڵمانی لێسەندرایەوە و لەو وڵاتە دەرکرا.

–ساڵی (١٩٠٧) بەهۆی چالاکی سیاسیەوە جارێکی تر گیرا، ترس لەسەرانی حزب دروستبوو، لەگەڵ ئەوەی مارکسیشیان لەئامێز گرتبوو.

–(١٩١٠) ململانێکە لەنێوان رۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل کاوتسکی گەورە دەبێت، لەبارەی شێوازی کارکردنی بۆ گەیشتنە دەسەلات، بۆیە حزبی سۆسیالست دیموکراسی دەبێتە سێ باڵ، باڵی یەکەم باڵی چاکسازی، کە سیاسەتی ئیمپریالی جێبەجێدەکرد، باڵی دووەم ناوەندی مارکسی بەرابەرایەتی کاوتسکی، رۆزا ناوی نابوو رابەری داگیرکەر، کەپارێزگاری لەدروشمی رادیکاڵی دەکرد، باڵی سێیەم ناوی باڵی شۆڕش بوو رۆزا رابەری بوو، بەشداری چالاکی خۆپیشاندان دەکات.

–(١٩١٣) لەئەڵمانیا کتێبی (کەڵەکەبوونی سەرمایە)ی چاپ و بڵاوکردەوە، کەوەك هاوکاریەك بۆ بیری مارکس دادەنرێت.

–(١٩١٤/٢/١٠) بەهۆی هاندانی سەربازە هەڵهاتوەکان لەرێگەی وتارەوە دەگیرێت، (١٩١٤) سزای یەك ساڵ زیندانی بەسەردا دەدرێت،

–ساڵی (١٩١٦) لەگەڵ لیبکنخت کۆمەڵەی (سپارتاکوس)ی دامەزراند و دوای دوو ساڵ نەواتی حزبی شیوعی ئەڵمانی دامەزراندو خۆی پەیرەوپرۆگرامی بۆ دانا.

–(١٩١٨/١١/٨) پاش شکستی ئەڵمان لەجەنگی جیهانی یەکەم، شۆڕشی ئەڵمانیا رۆزا لۆکسمبۆرگی لەبەندیخانە ئازادکرد

–(١٩١٨–١٩١٩) ئیدانەی ئیرهابی بەلشەفی لەروسیا کرد.

–(١٤/ژانویە/١٩١٩) دواین وتاری بەناوی (رێکخستن و دیسپلین لەبەرلین) بڵاوکردەوە، پاش رۆژێگ دەستگیردەکرێ، واتە پاش دوو مانگ لەراگەیاندنی کۆماری سۆسیالیستی ئەڵمانی لەلایەن لیبکنختەوە بەرەو بەندیخانەی بەرلین دەبرێت و، لەلایەن کۆمەڵێك چەپی سەربازی توندڕەوە تیرۆرکرا، بەمەش شۆڕشەکەی لەباربرا.

–(١٩١٩/١/١٥) تیرۆرکرا.